# کەنارێکی ئاوەژووە یادی تۆ

پەری شێخ ساڵح
(سلێمانی)

یادت.. ئەو ملوانکە شینەیە
کە وەک تەم بەگەردنمەوە نیشتووە
تۆڵەی کاڵبوونەوەی دەنکەکانی
لە چاوەکانم دەکاتەوە.
هەموو ساتێک لەبەر ئاوێنە شکاوەکەی سەر
دەستشۆرەکە
بیری لێ دەکەمەوە و
وەک ناوونیشانی
شیعرێکی جوان دەیبینیم.
ئەلبوومێکی بەتاڵ لە وێنەیە
کە لەسەر دیواری ئەشکەوتێکەوە
بە نووکە چەقۆ هەڵکۆڵرابێت،
دەگەڕێم و نایاندۆزمەوە
کەس نییە بێت و ڕێگای ئەو ئەشکەوتەم لێ
بگرێت و نەگەڕێمەوە
ژێر داربەڕووەکانی ئەو فەزایە
سیحری ژنە جادووگەرەکان
لەخۆم بەدوور بگرم  بە خوێندنی دوو
ئایەتەلکورسی
بەتاڵیان بکەمەوە.
تۆ وەرە نزایەکم بۆ بکە با لەوە زیاتر ڕەنگم
نەپەڕێت،
بیرت دێ پێت دەگوتم ئەو موورووە شینانەت
چەند لێ دێ
ئامانەتی تۆ و ئەو یاقووتە شینانە
منیش دڵم پڕ دەبوو
دەشێ من
ئەو ملوانکە لەبیرکراوەی تۆ بم



دەستم خستە سەر تارمایی دڵم،
هەرگیز وا بە غەمگینی لە ترپەی نەداوە
هەرگیز خوێنم وا بە کەساسی نەگریاوە،
لەپڕ گوێم لە هەڵوەرینی ڕستەکەی گەردنم بوو،
وەک بارینی ئەو تەرزە لە ناکاوەی پێی لە
شەقامێکی قیر دەخلیسکێ ..
وەک قریشکەی ئەو هەورە برووسکەیەی لە ناکاو
پەردەی گوێ ئەدڕێنێت.
تۆ غەدرێکی سەرلێشێواوی
پەتی گومان لە خەونم دەئاڵێنی
ئینجا پەشیمان دەبیتەوە و
وەک حاجی لەقلەقی سەر ستوونەکان
پەیمانی وەرزەکانم لەگەڵ دەبەستیتەوە
گەمژانە
دڵم بەوە خۆش دەکەم کە حەز ناکەیت بە لاسکی
مێوە تەڕەکانی ئەو ناوە بمخنکێنی،
پێدەچێ عەسرێک گمەی کۆترێکی ئەو ناوە دڵی
نەرم کردبیت و
منیش وەک ئاسکێکی ترساو
نەرم نەرم خۆم لێت حەشاردەم.
یادی تۆ
دەزانی چی تریشە ؟
ئەو شتەیە کە ناتوانم بیکرم..
کەواتە لێمگەڕێ با لەبازاڕی ڕەشدا
سەودای بکەم
کە دووکانەکانی پڕن لەهاتوهاواری ژنە
قەرەجەکان کە بە جوانییەکانیان هەڵیان
دەخەڵەتاندیت
بۆڵەی عەرەبانچییەکان کە زەفەر بە زەرفەکەی
دەستت دەبەن.
هێشتا دەرمانی قژ ڕووتانەوەکەم
تەواو نەکردووە کە لە
عەتارە چاو هەنگوینییەکەی دراوسێمان کڕیبووم

هەر دەمگوت ڕۆژێک دێت نائومێدی بەتامی
شلیکێکی تاڵ دامدەگرێت.
ئاخر ئەمڕۆ نەمدەتوانی لەوێنەکەت وەک ڕۆژان
وردببمەوە
بۆیە تەلەفۆنەکەم بە زەویدا دا
شاشەکەی وردوخاش بوو، چونکە
وام هەست دەکرد چاوەکانت لە چاوی گورگێکی
تێر و لووتبەرز دەچوو
کاتێ کەلاکێکی پڕ لە زام دەبینێ
کەچی ئاوڕی لێ ناداتەوە
ئەو ساتەی لە تەنیایی کوشندەی من ڕادەکەیت.
ئێستا لە تۆ دەترسم
وەک مۆتەکە سواری سەری
ڕەزمی خەیاڵەکانم بوویت
گرێکوێرە لە هەگبەکەم ئەدەیت
هیچ شایستەیەک نامێنێ بۆ من
کێ بێت و لێم بپرسێ
ئاخۆ جارێکیتر دەتوانی یادی
ئەو سەوڵە شکاوانە بکەیتەوە
کە هەموو جار ئەبوون بە گاڵتەجاڕی ماسییەکان
خۆزگە لە دڵی شەڕێکما ڕەگت دانەئەکوتا
دڵم خۆش نییە و زۆریش غەمگینم
یادی تۆ شتێکی بۆ زیاد نەکردم
جگە لەوەی
کە هەموو ڕۆژێ لەبەر خۆمەوە
زەردەخەنەیەک بمگرێنێت.
هیچ چارەیەک نییە
جگە لەوەی
دوو پارچە سەهۆڵی ناو سوراحییەک
ورد ورد بتوێنینەوە.